# دەربارەی وێرانبونی چینی ناوەڕاست



**محمد حسين**
muhemedhusen@yahoo.com

لەگۆشەی گەنجینەی ژمارە 99 ی ڕۆژنامەی ئاوێنەدا بەناو نیشانی " چینی ناوەڕاست " کاك (ئاری هەرسین ) کێشەیەکی زۆر گرنگ و هەستیاری وروژاندبوو , بەڵام ئەم نوسینە تەنها مەترسیەکانی لاواز بوون , یان ڕاستتربڵێین وێرانبونی ئەم چینە ئەخاتە ڕو , نەك ئەوەی کێن ئەو هێز و سیاسەت و بەرژەوەندیانەی لەپشت ئەم وێرانکردنەوەیە , دیارە گرنگی ئەم پرسە لەبەر ئەوەنیە کە بوون و فراوانی و ڕادەی پەرەسەندنی ئەم چینە لەهەموو جیهاندا پێوەرێکە بۆدیاری کردنی بڕی گەشەکردنی وڵاتان , یان هەڵسەنگاندنی دروستی و نادروستی سیاسەتی تەنمەوی حکومەتەکان , بەڵکو لەبەر ئەوەیە هێشتاکە وێران بوونی چینی ناوەڕاست لەکوردستاندا نەبۆتە دۆزی مشتومڕە میدیاییەکان , لەو شوێنانەیشدا کە قسەیەك لەسەر گەندەڵی کراوە , ئەو ڕەهەندە تراژیدیەی باس نەکراوە کە پرۆسەی گەشەکردن ئەوەستێنێت , یان ئەبێتە هۆی هەژارکردنی چینی ناوەڕاست ( توێژەکانی ناوەڕاست ), هەمووجارێك دەرکەوتە سیاسیەکانی و نەبونی خزمەتگوزاریەکان وەکو شاکێشەی گەندەڵی قسەی لەسەر کراوە , کەسێکیش نیە هاواری ئەو مەترسیە بکات : کە چینی ناوەڕاست وێران ئەبێت , ئیتر نموزەجی کۆمەڵگای گیتۆکان و گەڕەکی فیرعەونەکان ئەبێتە جێگرەوەی .

لەکوردستاندا کارەساتی گەورە ئەوەیە نەك هەر وێرانبونی چینی ناوەڕاست , بەڵکو سیاسەتی تەنمەوی حکومەتی هەرێمیش کەس نیە لێی بپرسێتەوە , هیچ دەزگایەك نیە بەئامار و داتاوە قسە لەسەر دەرکەوتەکانی ئفلیجبونی پەرەسەندن development بکات لەهەموو لایەنە ئابوری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکانیەوە . تائەو کاتەی ئەم پرسە گرنگانە ئەبێتە بابەتی مشتومڕی ڕۆژانەی میدیاو کۆڕو کۆبونەوەکانی خەڵك , داواتریش هێزە سیاسی و ورێکخراوە NGO کان , هەروا بێ گرنگیپێدان ئەمێنێتەوە . چونکە ڕەگی کێشەکە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەو گروپەی ئەمڕۆ دەسڵاتی سیاسی و ئابوری کوردستانیان بەدەستەوەیە قازانجیان لەم وێرانە ئابوری و کۆمەڵایەتیەدایە .. ئەگەر چی ئەکرێت زۆر فاکتەری پشت قازانجەکانی ئەم گروپە بژمێرین لە وێرانکردنی چینی ناوەڕاستدا , بەڵام دوو هۆکاری دیارو ئاشکرا لێرەدا وەبیر دێنینەوە :

یەکەم : گەورە بون و فراوانبون و پەرەسەندنی چینی ناوەڕاست لەگەڵ بەرژەوەندی ئەم گروپە دەسڵاتدارەدا ناگونجێت , چونکە چینی ناوەڕاست بەسروشت وەك ئەوەی لەهەموودنیادا هەیە کۆمەڵێك داواکاری هەیە کەبەلای ئەم گروپەوە بێزارکەرە و قبولّ ناکرێت , وەك – مافی هاووڵاتی بوون , دیموکراتیزەکردنی دەسڵات , شەفافیەت لەسیاسیەت و بڕیاردروستکردن و بەڕێوبەرایەتی , سیستەمی ئابوری بازاڕ , یان بازاڕی ئازاد ... – بەدڵنیاییەوە لەم جۆرە داوایانە گەر بەڕوی دەسڵاتدارانی ئەمڕۆی کوردستاندا بەرزبکرێتەوە بەلولەی تفەنگ وەڵام ئەدرێتەوە , وەك چۆن وەڵامی داواکانی خەڵکی کەلار و ئاکرێ و هەڵەبجە و شۆڕش و دەربەندیخان ...هتد درایەوە .

دووەم : گەر لەم پاشاگەردانیە ئابوریەدا نەبێت مەحاڵە ئەو لێشاوە پارەی بەفیڕۆی ئەدەن و , ئەو خراپبەکارهێنانە بێ شەرمەی ئەمڕۆ دەیکەن هەروا بەئاسانی بۆیان دەستبدات , لای ئەوان بەهێزکردنی ئابوری حیزب و گیرفانی سەرکردەکان بەپلەی یەك دێت , لەم دۆخەیشدا هەم ئابوری حیزب و هەم سەرکردەکانی حیزب سودمەندن , ئیتر وڵاتەکە و ئابوری گشتی و وێرانبونی چینی ناوەڕاست وەك ئەوەی کە خەمی کاك (ئاریە ) بۆئەوان پرسێکی جێگەی بایەخ نیە .

کەواتە چینی ناوەڕاست بەهۆی سروشتە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکەیەوە , بەهۆی خواستە سیاسیەکانیەوە , بەهۆی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتی و کەڵچەری و ئخلاقیانەی لەگەڵ خۆیدا ئەیهێنێت چینێکی نەخوازراوە لەکوردستاندا .

لەبەر ئەوەی قەت مەیلی بڕواکردنم بە تیۆری مئامەرە نەبووە , ناڵێم بە بەربەرنامەوە پلانێك هەیە بۆ وێران کردنی چینی ناوەڕاست لەشارەکانی هەرێمی کوردستاندا , بەڵام ئەوەی ڕۆژانە ئەیبینین , بەئاشکرا ئەوەمان پێ ئەڵێت کەسیاسەتی ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕوژ لەدوای ڕۆژ بەرەو زیاتر وێرانکردنی ئەم چینە ئەڕوات , دەرهاویشتەکانی ئەم سیاسەتەکاولکەرەیش , دووپەرەسەندنی

پێچەوانە و جیاوازی لێ ئەکەوێتەوە , یەکەمیان زیاتربونی ڕوبەری نەهامەتی و هەژاری و گیتۆکانی شارەکانی هەرێمی کوردستانە , کە خۆی لەگەڕەکە تەجاوز و میللی و هەژارەکاندا ئەبینێتەوە , بەو دیویشدا لەهەر یەك لەو شارانەدا باڵای باڵەخانەکانی گەڕەکی فیرعەونەکانی بەرزتر کردۆتەوە .

زیاتر فراوانبونی ڕوبەری هەژاری و کۆبونەوەی هەموو سامانی وڵات لەمشتی کەمینەیەکی زۆر بچوکی کۆمەڵگادا , یەکێکە لەکێشە ئاڵۆز و زۆر دیارەکانی ئەمڕۆی جیهان ., بەڵام لێرەیشدا پێویستە هەرێمی کوردستان لەدەرەوەی ئەم ناوکۆییە context بخوێنرێتەوە , چونکە لای ئەوان پێشکەوتنی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان , ئابوری بەجیهانیکراو , سەرلەنوێ داڕشتنەوەی هەیکەلە و بازاڕی ئازاد ئەم کێشانەی دروستکردووە , بەڵام لەکوردستان خراپ بەکارهێنانی سیاسیەکان بۆسەرچاوەو دەرفەتە ئابوریەکان و داگیر کردنی کایەی ئابوری و قۆرغکردنی بازاڕ بەدەستی گروپێك لە دەسڵاتداران لەپشت کێشەکانەوەیە .

خراپترین دەرەنجامی حەتمی ئەم بارودۆخەیش وێرانکردنی چینی ناوەڕاستە , تەنها ئەم چینەو خواستە سیاسی و ئابوریەکانی ئەم چینەیش ئەتوانێت ئەو هێزە چاکسازیخوازە پێك بهێنێت کە بکرێت فریای چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بکەوێت , مادام ئەم چینەیش بەم جۆرەی ئەمڕۆ لەکوردستاندا ئەبینرێت بەرەو وێرانبون و لاوازبونی بەردەوام ئەبرێت , ئاسۆی ئەو هێزە چاکسازی خوازەی کە سنورێك بۆ ئەم ڕاوڕوتە ئابوریە دائەنێت زۆر بەرتەسك و نەبینراوە . بۆیە ئەو نموزەجەی شار کە تادێت هەژاری زۆربەی دانیشتوان ئەگرێتەوەو کەمینەیەکی کەمیش ژمارەی قاتی باڵەخانەکانیان لە گەڕەکی فیرعەونەکاندا بەرزتر ئەبێتەوە , نموزەجێکی هەروا جێگیرو زاڵ ئەبێت لەکوردستاندا . ئەو ڕەوشە سیاسیەیش لەمەوە دێتەبەرهەم وەك ئەوەی ئەزمونی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیشانمان ئەدات دەرگا لەبەردەم دووئەگەری سیاسیدا ئەکاتەوە , یەکەمیان بەهێزبونی پایەکانی دیکتاتۆریەتێکی دەست ئاسنینە لەداپڵۆسینی هاوڵاتیە هەژارەکانی خۆیدا . دووەمیشیان تەشەنە کردنی هێزە توندڕەوە ئاینی و ڕاسیستەکانە . ئەنجامی هەر یەك لەم دوو گۆڕانەیش ناسەقامگیریەکی سیاسی دەبێت کە داهێنانەکانی یان ئۆتۆمبیلی مینرێژکراوو و هێزی مندالڕفێنە , وەك ئەوەی لە عێراق و جەزائیر و مسر و یەمەن و ... دەیبنین , یاخود حوکمی جەنراڵە سەربازیەکان , وەك ئەوەی لەلیبیاو پاکستان و سۆماڵ و ...هتد ئەمڕۆ ئاژاوەو وێرانەکانیان هێدلاینی هەواڵی کەناڵە ئاسمانیەکانیان داگیرکردووە .